# ئاڵەکۆک

ویژه نامه ـ ماهنامه مهاباد
ژماره ۸ ـ خەزەڵوەری ۱۳۸٤



خاوەن ئیمتیاز: ئەحمەد بەحری
دەستەی نووسەران: فەرمیدوون حەکیم زادە
یوسف فازلی
بەدرەددین سالح
ئەرایش و رووبەرگ: شیوەن حەسەن پوور
تایپ و ڕازاندنەوە:
سروە بەحری
بەشی مالی: لوقمان رەحمەدو
تلفکس: ٠٠٩٨_٤٤٢_٢٢٢١٤٣٥
مۆبایل: ٠٩١٤٤٤٢١٢٠٨
E. mail: alakok_ mag @ yahoo.com
مهاباد ـ مجله ئاڵەکۆک صندوق پستی ٤٥٧
شماره حساب: بانک رفاه شعبه صلاح الدین جاری ١٦٩٠٤٣
ئەقاشی رووبەرگ: هۆنیا یەعقووبی ـ بۆکان



هەواڵنامەی کتێب





## خاڵخاڵۆکە

حسەین شەریفی ـ دیواندەرە

خاڵخاڵۆکەم خاڵ خاڵم
دەفڕم بە هەر دوو باڵم
ماڵم لە شاخ و کێوە
دەبمە میوانی ئێوە
پێم خۆشە ئازیزانم
ئێوەش ببنە میوانم
پێکو بچین بۆ نێو باخ
بۆ سەیران و بۆ سەر شاخ
هەمووتانم خۆش دەوێ
خۆشیم بۆ ئێوە دەوێ
با هەرا کەین وەکوو با
من بە باڵ و تۆ بە پا
بڕۆین بەرەو بەرزایی
بێزارین لە نزمایی

## کۆلکەزێڕینە

ئەمین گەردیگلانی ـ بۆکان

کۆلکەزێڕینەی حەورەنگی جوان و ڕازاوە
پێم بڵێ ئەو هەموو ڕەنگەت لە کوێ هێناوە؟
بووی بە پردی پەڕینەوەی مەل و پەپوولە
خۆشیان دەوێی منداڵانی گەورە و چکوولە
من دەزانم تۆ بۆ هێندە ڕازاوە و جوانی
ئەتۆ کچی قژزێڕینی خۆر و بارانی
دەڵێم خۆزگە دوور نەبوایەی ئەوەندە لێمان
پڕ دەفتەرێ لەو ڕەنگانەت بدایە پێمان
ئەمسا دادەنیشتین من و ڕۆژین و کاوە
وێنەی بەهاری کوردستانمان دەکێشاوە





# تیزانگە ورگن



نووسەر: مێهری ماهووتی
وەرگێڕ: محەممەد شەریف محەممەدی "ئایسان" ـ بانە

ڕۆژێ لــە ڕۆژان تیزانگــێکی بــچکۆلە و جــوان کەوتبووە گوێ جۆگە ئاوێ. با، بایەکی شۆخ و بزێـو هاتبووە پیاسە لە دەشت و کێو. بـا نـەرم ئـەهات و ئەخوشی تا گەیشتە تیزانگ لـێی پرسـی: "تـۆ بـۆ وا فسەڵە و داماوی، ئەکا لە بەر کەیف خۆشی وا گۆڕاوی"؟

تیزانی لێو بەبار جوابی داوە: "هیچ کەس نایە بام تێکا، بۆ دیاری و کایە بم با!"

با وتی: "بەسیە ئیتر خەم مەخۆ، من دێمە یارمەتی تۆ"

تیزان بە حەپەساوی وتی: "ئاخر چۆنایی"؟

با وتی: بە سەر و دەست و پێوە لە زگت ئەچمە تێوە

دە فەرموو من قووت بدە با زل کەی ورگ و گەدە

بۆ خۆت هەڵپەڕ داپەڕ کە بەس یەک وەعدم پێبدە!!

تیزان وتی: لە سەر سەرمە هەرچی ئەڵەی....

با وتی: لە زگتا زیندانیم نەکەی!

تیزان وتی: بە سەر ئا ئا ئەم دوو چاوە...

با وتی: دەی دەمت بکەوە... بە ویشە ویش ڕۆیشتە نێو دەمی تیزان.

تیزان بای هەڵمژی، بای هەڵمژی وردە وردە بای کرد و هەڵئاماسی. تیزان، جاران ئـەبوو، برپر ماسیبوو. با وتی: جا سەیری خۆت بکە لە ئاوی نێو جۆگەدا

تیزان لە ئاوی جۆگەدا عەکسی خۆی بینی، کەیف گرتی و بزەی هاتێ، دیسانەوە دەمـی کردەوە و بای هەڵمژی.

با وتی: ورگن، گەیەڕۆ جێگەم تەنگ بووە با مەخۆ ئەگەر هـێند بـای تێنەپـێنی ورگ و گەدەت ئەتەقێنێ! تیزان وتی: نا بەسەزمان ئەمهەوێ ببمە شـای تۆپـان، زلتـرین تیـزانی جیهان. با ڕەنجا وتی: ئەمجا دۆستایەتیمان کۆتایی هات دەمت وەکـە بـچە دەرێ...جـیقم دەرهات... تیزان وتی: نا، نا، نا.

با وتی: تۆ بەڵێنت دا... حەبسم ئەکەی لە نێو زگتا!!!

بەڵام تیزان خۆی لێ کرد، دیسان بای هەڵمژی و بـای هەڵمـژی، وردە وردە هـەر زل و زلتر بوو لە پڕ دەنگی زرمەیەک بڵێند بـوو و تـەقی...بـای شۆخ و بزێـو ڕزگـاری هـات هەناسەیەکی ڕەحەتی هەڵکێشا و ڕۆیـی تـا هەڤاڵـێکی تـازە بـۆ کایـە کـردن وەدۆزێ...

تیزانگ: بزدان، فودانە، تیزان



# کیسەڵێکی وریا

سیامەند بەخت ئازەر ـ دیواندەرە



ڕۆژێک فیل بە کیسەڵی گوت:

دەزانی من زۆر بە هێزم و گەرەکمە بە جووتەی پێ بێمە سەر پشتی تۆ؟

کیسەڵ دای لە قاقای پێکەنین و گوتی: ناتوانی منیش وەک تۆ بەقەوەتم. تۆ سـەری ئەم تەنافە بە دەستت بگرە، منیش سەرەکەی تـر دەگرم، کاتێک ئامـاژەم پـێکردی بیکێـشی، هـەر یەکەی لە لایەکەوە تەنافەکە دەکێشین.



کیسەڵی وریا سەرەکەی تری تەنافەکەی گـرت و ڕای کرد بۆ نێو دارستان. تووشی ئەسپی ئاوی بوو پێی گوت:

منیش وەک تۆ بەهێزم.

ئەسپی ئاوی بەو قسەیەی کیسەڵ دایە قاقـای پێکەنین.

کیسەڵ گوتی:

پێت نیـشان دەدەم چـەند بەقـەوەتم! ئەگـەر ڕاست دەکەی سەری ئەو تەنافە ڕاگرە، منیش ئەو سەری تـری دەگـرم، هـەرکات گـوتم تەنافەکە بکێشە، هەر یەکەی لە لایەکەوە تەنافەکە دەکێشین.

کیسەڵی وریا بە پەلە هەڵات بۆ نێو دارستان. پاشان بە دەنگی بـەرز قـاوی کـرد: بیکێشە.



فیل سەرێکی تەنافەکە و ئەسپی ئاوی سەرەکەی تری کێـشا. لـەپڕ تەنافەکـە پـسا و ئەسـپی ئـاوی شلپەی لە ئـاوی چـۆمەکە هـێناو تێکەوت. فیلیش زرمـەی لـە زەوی هێنا و بەربۆوە. کیسەڵ دایە قاقا و بە دەنگی بەرز گوتی:

چاو لێکە، منیش وەک تۆ بەهێز و بەقەوەتم.



هەواڵنامەی کتێب



خۆشەویستان
ئەو وێنەیە
تەواو بکەن



ئازیزانم
ژمارەکانی ئەم
وێنەیە پێکەوە
بنووسینن



# منالّی یادی بەخێر



قاسم موئەییید زادە "هەلۆ"
(شاعیر)
لە تەمەنی مێرمناڵی



مەنسوور حامیدی
(نووسەر)
لە تەمەنی ٨ ساڵی



عەزیز وەلیانی
(نووسەر)
لە تەمەنی مێرمناڵی



شەهلا ئیسماعیل پور
لە تەمەنی ٣ ساڵی



عەزیز شارۆخ
(هونەرمەندی گۆرانی بێژ)
• لە تەمەنی ٩ ساڵی



ڕەسووڵ کەریمی"سووتاو"
(شاعیر)
لە تەمەنی ٣ ساڵی

تێبینی: وێنەی هونەرمەندان "هەلۆ" و "سووتاو" دیاری کەریم سۆفی مەولوودیە

هەواڵنامەی کتێب



# فێر بوونی زمانی کوردی ٧

نووسینی: سەید عەبدوڵڵا سەمەدی
ئامادە کردنی: فەرەیدوون حەکیمزادە

ئازیزان لە وانەکانی پێشوو (٧) لەسەر و لە ژێر وشەکان دانەراوە خۆتان دیسان بۆ ڕستەکانی ژێرەوە (٧) دابنێن.

* منالانی خۆشەویست:

لە کاتی لاوی‌دا لە زاناکانم زانیوە، باشترین یادگاری فێربوونی وشەی زۆر و جوانە. خوێندنەوە و نووسینەوە بە زمانی شیرینی کوردی سادە و ساکارە. بۆ ئێمە خۆ نەدەینە فێر بوونی زمانی خومان؟ چمان کەمترە لە گەلانی‌تر؟ لە یەکەم هەنگاو دا لە هەر کوی بی، دەتوانی بە زمانی ڕەسەنی کوردی قسان بکەی و بە زمانی پاراوی کوردی نامە بنووسی. تو ئەگەر بتهەوی کی دەتوانی نەهیلی تۆ ئەم ڕێگایە بپێوی؟

«کتێبی «آموزش خواندن و نوشتن زبان کردی با الفبای عربی» نوشته سید عبدالله صمدی»





١ـ دووهەم مانگی پایز بە زمانی فارسی
٢ـ مانای apple بە کوردی
٣ـ دژی "ڕەش"
٤ـ هاوڕێی بولبوول
٥ـ ئەو گۆڤارەی ئێستا دەیخوێنییەوە
٦ـ زستانان دەبارێ و عەرزی سپی‌پۆش دەکا
٧ـ منالی ژیر و وریا هەموو ڕۆژێ دەچێ بۆ ئەوێ بۆ خوێندن




بەرەندەی جەدوەلی ژمارە ٦ کۆمار گوڵ‌محەممەدی ـ بۆکان

وشەکان

١ـ پاییز
٢ـ شەهریور
٣ـ ڕەمەزان
٤ـ زیک
٥ـ مسیواک
٦ـ ڕەوڕەوە
٧ـ بارانە
٨ـ کوڵان

مرۆڤان رێزو سلاوم بۆ سەرجەم بەڕێزان گۆڤاری منداڵانەی ئاڵەکۆک من کۆجەدوەلی ژمارە ٦ی ئاڵەکۆکم حەل کردووە و بۆتانی دەنێرم هیوادارم لە کێ بڕکێدا بەشدارم کەن .

٨٤/٧/١٨

لە لایەن کۆمار گوڵ محەممەدی

کۆمار گیان
نامەکەت بە
دەستمان گەیی
هیواداریین دایم
هاوڕێی
ئاڵەکۆک بی.

هەواڵنامەی کتێب

## قوتابخانە

قادر عەلیخا ـ بۆکان



لە یەکەم ڕۆژی ڕەزبەر
ئەوکاتەی تاو دێتە دەر

زوو هەڵدەستم بەیانی
بە شادی و کامەرانی

لەگەڵ "دیاکۆ" و "شوانە"
دەچین بۆ قوتابخانە

مەکتەب مەکۆی زانینە
کانگەی بیری شیرینە

بە کەڵکە بۆ وڵاتی
بەرزی هۆزە ئاواتی

دەکێشێ شەونخوونی
بۆ خەڵکە ماندووبوونی

لێرە سەری هەڵداوە
بەو شیرە گۆچ کراوە

ئەمنیش شەیدای زانینم
هاوڕێی بیری شیرینم

تا ڕۆح لە گیانم دایە
بەرنادەم ئەو ڕێگایە



کوڵە جوانەکانم. ژمارەکان بگەیەنە وەیەک
بزانە ئەم وێنەیە چیە •



## چیرۆکێک بە خەڵاتەوە!!!



*ئەم چیرۆکە بخوێنەوە و وڵامی پرسیارەکان بە نامەیەک بۆ ئاڵەکۆک بنێرە و خەڵات وەرگرە.*

باوکەپیرە تەنیا کچێکی بوو. ئەویش هەر نەیدەدا بە شوو!! مەزرایەکی چکۆلەیان هەبوو، بەڵام هەموو ساڵێ کیسەڵەکان دەهاتن و بەرهەمی کابرا پیرەیان دەخوارد!

ڕۆژێک خوازبێنی دێن بۆ سەر کچەکەی! کابراپیرە بۆ ئەوەی بەهانە بگرێ دەڵێ:
ئەمن کچەکەم بە مەرجێک دەدەم! جا بەهەر کەس بێ! ئەو کەسە دەبێ، هەموو کیسەڵەکان لە مەزراکەم دەر بکا. یەکەم کوڕ خەڵکی ئاوایی کۆ دەکاتەوە. هەتا دەوری مەزراکە هەڵقەنن ئیدی کیسەڵەکان نەتوانن، لێی بپەڕنەوە و بچنە نێو مەزراکە. پیرەپیاوەکە دەزانێ خەریکە گرێوەکە بدۆڕێنێ تووڕە دەبێ و کچەکەی پێ نادا.
دووهەم خوازبێنی کوڕێکی خوێڕی و کارنەکەرە، دەڵێ ئەوەندەی بڵێن یەک و دوو جێ بە جێی دەکەم بەڵام قسەی پیاوان یەکە و نابێ بە دوو. کوڕە دەچێ هەموو مەڕ و پاتاڵی دێیەکە خڕ دەکاتەوە! لە مەزراکەیان بەر دەدا.
کیسەڵەکانیش کە ئیدی هیچ شک نابەن بۆ خواردن مەزراکە جێ دێڵن. کاتێک کابراپیرە دەزانێ! ئیدی کار لە کار ترازاوە!!.

سولەیمان سیابەخت ـ بۆکان

### پرسیار

١ـ ئێوە بایەن چتان دەکرد؟
٢ـ ئەگەر کچ بایەن وڵامی بابتان دەداوە؟ ئەگەر کوڕ بایەن! کیسەڵەکانتان چۆن دەر دەکرد!؟
٣ـ ئەگەر باوک بایەن ئاواتان لە کچەکەتان دەکرد؟
٤ـ ئەگەر قسەی پیاوان ببێ بە دوو چیە؟
٥ـ پێت خۆشە پرسیار و چیرۆکی داهاتوو لە بارەی چ دابێ؟





هەواڵنامەی کتێب

## حەوتەمین میهرەجانی چیرۆک نووسانی ڕۆژئاوای ئێران

حەوتەمین میهرەجانی چیرۆک لە ٢٥ تا ٢٧ی خەزەڵوەری ئەمساڵ لە شاری بانە بەڕێوە چوو. لە ٣٩٢ بەرهەم ٢٨٥ چیرۆکی فارسی، ٥٨ چیرۆکی کوردی و ٤٣ چیرۆکی منداڵان و ٦ مەقالە بوون. شایانی باسە کە لە ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی تا ئێستا ٧ ساڵە میهرەجانی چیرۆک لە شاری بانە بەڕێوە دەچێ کە لەودا نووسەرانی کورد و فارس بە خوێندنەوەی چیرۆک و ئاڵوگۆڕ کردنی بیرورا بەشداری ئەم میهرەجانانە دەبن. ئێمەش وەک دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئاڵەکۆک دەست خۆشی لە بەڕێوەبەرانی ئەم میهرەجانە دەکەین و هیواداریین لە ساڵی داهاتوودا بەشی منداڵان جێگایەکی تایبەتی هەبێ و زۆرتر بایەخی پێ بدرێ.




ئەم ژمارانە بە دوای یەک دا پێکەوە بنووسێنە و ڕەنگی بکە.



## مامە هاوڕێ هاتەوە



ئەگەر لە بیرتان بێ لە ژمارە پێنجی ئاڵەکۆکدا لە گەڵ چەن منالی خوێن شیرین و دڵپاکی وەک ئێوە قسەم کردبوو.

بۆ ئەم ژمارەیەش ئاوات و دەردی دڵی چەن منالی ژیکەڵە و وریا دەگێڕمەوە.

یەکەم منداڵ کە تووشی بووم ساکێکی فش و گەورەی لە کۆڵ دابوو بەپەلە دەڕۆیی. گوتم کاکە چکۆل بۆ وا بەپەلەی؟ گوتی: ئاخەر مامە کارم هەیە. گوتم: کوڕە جوانەکەم پێم ناڵێی کارەکەت چیە؟ گوتی: نا، مامە. درەنگە دەبێ بڕۆم. خوشکم دەچێ بۆ قوتابخانە دەبێ خێرا کیفەکەی بۆ بەرمەوە. چونکە ئەو کیفی نیە. گوتم: پۆلی چەندی؟ گوتی: پۆلی دووهەم. خوشکیشم پۆلی هەوەڵە. گوتم ئەی باوکت بۆ کیفێک بۆ خوشکیشت ناکڕێ؟ گوتی: ئاخەر دەڵێ پووڵم نیە، خەرج گرانە، فریاتان ناکەوم. مامە ئەگەر هەر دووکمان بەیانیان بوایەین چمان بکردایە؟ گوتم: کوڕە ژیرەکەم ناوت چیە؟ گوتی: ناوم محەممەدە گوتم: محەممەد گیان ئەگەر داوای شتێک لە باوکت بکەی، ئەو شتە چیە؟ محەممەد هەڵات و بەدەم هەڵاتنەوە ئاوڕی دایەوە و گوتی: کیفێک بۆ خوشکم بکڕێ.

دوای ئەوەی لەو کۆڵانە تێپەڕیم، تووشی کیژێکی خونچیلای مەقنە سپی بووم، ماسکێکی لە دەم و لووتی دابوو، جارجار دەکۆخی. گوتم: کچەجوانەکەم ئەوە سەرمات بووە؟ گوتی: نا مامەگیان ئەگەر تەپ و تۆز و دووکەڵی ماشێن بچێتە گەروومەوە زۆر دەکۆخم. دکتور پێی گوتووم ئەو ماسکە لێدەم. گوتم: گوڵە ژیرەکەم ناوت چیە؟ گوتی: هێرۆ. گوتم: هێرۆ گیان ئەگەر داوای شتێک لە باوکت یان دایکت بکەی ئەو شتە چیە؟ تۆزێ مات بوو، پاشان گوتی: ئاخەر باوکم بە قسەم ناکا. خۆ هەمیشە پێی دەڵێم. گوتم: داوای چی لێدەکەی وا بە قسەت ناکا؟ گوتی: دەڵێم سیغار نەکێشێ، بەڵام جوابم ناداتەوە. هەموو جارێ کەسیغارەکەی هەڵدەکا دەبێ هەڵێم بۆ وەتاغێکی دیکە، بەڵام لەوێش بۆگەنەکەیم بۆ دێ و دەکۆخم. هێرۆ پۆلی چوارەمی سەرەتایی بوو. زۆر ژیرانە خودا حافیزی لێکردم و کە دووریش کەوتبۆوە بە

هەواڵنامەی کتێب

دەستە خنجیلانەکەی بابای لێدەکرێم. لە دڵ خۆما گوتم: "دەبێ باوکی ئەو کچە جوانە کێ بێ کە جگەرەی لە منداڵەکەی خۆشتر دەوێ؟" ڕۆژێک ویستم بچمە دووکانی کتێب فرۆشی و ڕۆژنامەیەک بکڕم. لەبەر دەرگای دووکانەکە منداڵێکی جوانکیلە گۆڤارێکی ئاڵەکۆکی بە دەستەوە بوو، لاپەڕەکانی هەڵدەداوە و تەماشای دەکرد. لە کاتی هاتنە دەرێ دا لاقی لە لێواری درگاکە گیراو بە دەمەوە خەریک بوو بکەوێ و ڕاست خۆی دا بە سنگمدا و منیش گرتمەوە و نەمهێشت بکەوێ. ئەو پێکەنینە جوانەی هەمیشە لەبەرچاومە. هەر بە زەردە خەنە گوتی: خاڵە گیان سپاس. تۆ نەبوایەی دەکەوتم. گوتم: دەکرێ پرسیارێکت لێبکەم؟ گوتی: بەڵێ خاڵە گیان. گوتم: کوڕە جوانەکەم ناوت چییە؟ گوتی: ناوم ناسر. گوتم: ناسر گیان پۆلی چەندی؟ گوتی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی. گوتم: دەزانی کوردی بخوێنیەوە؟ گوتی: ئەیچۆن خاڵە زۆر چاک دەزانم زۆریشم شێعری کوردی لەبەرە. هەموو مانگێ ئاڵەکۆک دەکڕم. باوکم ڕۆژێ پەنجا تمەنم خەرجی دەداتێ. پوولی پێنج ڕۆژ کۆ دەکەمەوە و دەیدەم بە دایکم هەتا سەری مانگ، ئەودەم ئاڵەکۆکی پێدەکڕم. گوتی: ناسر گیان کێ کوردی فێر کردی؟ گوتی: ڕفیقێکم لە مەدرەسە هاوپۆلی خۆمە، پێی گوتم. هەر ئەویش گوتی ئاڵەکۆک بکڕم. زۆرم ئاڵەکۆک خۆش دەوێ. خۆزگە هەموو حەوتەیەک بڵاوبایە. گوتم: ناسر گیان ئەگەر داویەکت لە دایکت و باوکت بێ، لە پێش هەموو شتێکا داوای چییان لێدەکەی؟ گوتی: هیچم ناوێ تەنیا یەک شت. وەختێ ئاڵەکۆک دەکڕم لێم توورە نەبن. دەڵێن دەرسەکانت ناخوێنی. بەڵام من دەرسەکانم چاک دەخوێنم و هەمیشە شاگرد ئەوەڵ بووم. هێشتا مەعدەلم لە ١٩ کەمتر نەبووە. گوتم ناسر گیان من مامە هاوڕێی نێو ئاڵەکۆکم، ئیجازە هەیە ئەو قسە جوانانەت لەوێ دا بنووسم. ناسر لە خۆشیانا نەیدەزانی بڵێ چی، بە پێکەنینێکی پڕ لە سەرسووڕمانەوە باوەشی پێدا کردم. منیش ماچم کرد و ناونیشانی خۆم دایە و پێمگوت هەموو مانگێ بێ ئاڵەکۆکەی لە خۆم وەرگرێ. ئەمجارە ئەوەندەی دیکە گەشاوە. گوتی: مامە هاوڕێ تۆ خودا ئەگەر نووسیت ئەوەشی لەگەڵ بنووسە، تکا لە دایکم و باوکم دەکەم وەختێ دەچم بۆ مەدرەسە، نەهێڵن برا چکۆلەکەم ئاڵەکۆکەم لێبدڕێنێ. گوتم: بە سەر چاو ئەوەش دەنووسم. ئیتر خودا حافیزیمان لێکتر کرد. لەدڵ خۆم دا گوتم: "خۆزگە هەموو منداڵەکانی کوردستان ئاوا ژیر و زانا بوایەن"





ئاڵەکۆک سپاسی هاوکاری ئەم ئازیزانە دەکا:
سپەلەند بەختیاری - دیواندەرە
محەممەد شەریف محەممەدی - بانە
ئەمین گەرمیگلانی - بۆکان
ئەزیز شێخی - سەردەشت
بەختیار کەریمی - مەهاباد



ئارەزوو حوسێنی - مەعدەل ٢٠ - سێهەمی سەرەتایی ساڵی ٨٣ـ٨٤



شیما ڕێکابدار - مەعدەل ٢٠ - هەوەڵی سەرەتایی ساڵی ٨٣ـ٨٤

هێمن حەسەن پوور ٦ ساڵە لە بۆکان



فارووق ئیبراهیمی پێنج ساڵە لە بۆکان



ڕۆژین بەردنووس پۆلی دووهەمی ناوەندی



ڕۆژان بەردنووس پۆلی ئەوەڵی سەرەتایی



شایان سەمیمی ١٠ ساڵە لە سەردەشت



هەواڵنامەی کتێب

## منالەکان

ئەم بینایە خشپیلانە
کە پێی ئەڵێن قوتابخانە
پیرۆزترین بستەزەمینی دنیایە
چونکە نەخشەی سەرفرازی
ئێوە وگەلی ئێوەی تیایە

بەختیار ئەحمەدی ـ بانە

